ڕەشید: عێراق نمونەی برایەتی و فرەییە



ئەحمەد چوارشەمە، سەرۆك كۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، تەئكیدیكردەوە: كە عێراق خاوەنی ئەو پێكهاتە ئایینی و مرۆییەیە كە دەیكاتە نمونەی برایەتی و فرەیی.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی سەرۆكایەتی كۆمار لە بەیاننامەیەكدا كەدەستی موتەبع كەوتووە، دەڵێت: سەرۆك كۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، ئەحمەد چوارشەمە، ، سەردانی ئایەتوڵا فەقیە سەماحەتی سەید حسەن ئیسماعیل سەدری كرد لە بارەگاكەی لە شاری كازمیەی پیرۆز.

لە دیدارەكەدا بارودۆخی گشتی وڵات تاوتوێ كرا و جەخت لەسەر گرنگی بەهێزكردنی یەكێیزی نیشتمانی و چەسپاندنی بەهاكانی لێبوردەیی و پێكەوەژیان لە نێوان پێكهاتەكانی گەلی عێراق كرایەوە.

سەرۆك كۆمار دووپاتیكردەوە كە عێراق خاوەنی ئەو پێكهاتە ئایینی و مرۆییانەیە كە وای لەدەكات ببێتە نموونەیەك لە برایەتی و فرەییدا، جەختیشی لەسەر ئەوە كردەوە كە قەناعی ئەستا پێویستی بە یەكگرتنی هەموان هەیە بە پاراستنی دەستكەوتە نیشتمانییەكان و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری.

لای خۆیەوە، سەید حسەن ئیسماعیل سەدر ستایشی سەردانی فەخامەتی سەرۆكی كرد و گرنگیدانی بە پەیوەندی لەگەڵ سیمبولە ئایینی و نیشتمانییەكان بەرز نرخاند، هەروەها ڕۆڵی سەرۆك كۆماری لە بەهێزكردنی یەكێیزی نیشتمانی و كێكردنەوەی هێزە سیاسی و كۆمەڵایەتییە جیاوازەكان لەسەر مێزی گفتوگۆ و

گرنگیدانی بۆ ڕاگرتن لە دەستوور و سەربەخێیی دەسەاتکان و ئاراستەکردنی وتارکی نیشتمانی گشتگیر بەرز نرخاند.